

قەلەندەر نەسرەدین بۆ

# یاریزانانی هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق هەموویان کوردن

هەفتەی رابردوو بۆماوەی ٣ رۆژ خولێکی تۆپی سەرمێزی کراوە بۆ کوڕان و کچان و بێچوە شێران لە هەردوو هۆڵی زەردو یانەی وەرزشی ئەکاد سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو، لە کۆتایشدا لەسەر ئاستی کوڕان بەختیار یاسین و سەیفەدین فەتاح و کاروان ئازاد و کۆچەر هاشم پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمیان بە دەستهێنا، وە لەسەر ئاستی کچانیش کارمن سلێوە یەکەم و رێزان عەلی دووەم و کانی شەوقی سێیەم و ساڤیان سەبری چوارەمی بەدەستهێنا، هەرچی بێچوەشێرانە عومەر ئەیاد یەکەم و لاوین رەشاد دووەم و تاهیر زیاد سێیەم و باسک سەلمان چوارەمی بەدەستهێنا، هەردوای کۆتایی خولەکە بەڕێز (قەلەندەر نەسرەدین بەرزنجی) بەرپرسی دارایی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گۆڤاری هەرێمی کوردستان گوتی: ئێمە زۆر شادمان بووین بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە، چونکە ئەوەیان یەکەمین چالاکییە لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەی کراوە لە دوای ساڵی ١٩٩٣ وە ئەنجام دەدرێت کە تیایدا ٣٢ یاریزان بەشدارییان تێدا کرد لەوانە ١٣ کوڕو ١٠ کچ و ١٠ بەچکەشێر.

سەبارەت بەگواستنەوە، یارییەکانی خولەکە بۆ هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی ئەکاد قەلەندەر گوتی: لەکاتی بەڕێوەچوونی خولەکە لە هۆڵی زەرد کەشوهەوا بەرەو ساردی و باران بارین رۆیشت، دیارە ئەو هۆڵەش وەک پێویست نییەو دڵۆپە دەکات، هەروەها بێ کارەباییش وایکرد یارییەکانی خولەکە بگوازینەوە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی ئەکاد، بۆیە بەسوپاسەوە یانەکەو خودی مامۆستا باسل زۆر هاوکاری کردین بۆ تەواوکردنی ئەو خولە.

هەر لەبارەی بایەخ و گرنگی یاری تۆپی سەرمێز لەلایەن بەرپرسانی پەیوەندیدار وەک وەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و یانەکانەوە (قەلەندەر) گوتی: خۆتان دەزانن یارییەتاکەکان بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری و پشتگیری کەمە، دیارە یاری تۆپی سەرمێزیش بە هەمان شێوە کەس ئاوڕی لێناداتەوە، لە کاتێکدا یارییە تاکەکان ئامانجی باش و مژدە بەخشە، جگە لەمانەش یاریزانەکانی تۆپی سەرمێزی هەڵبژاردەی عێراق هەر هەموویان کوردن ئەوەش ئەو پەڕی شانازییە بۆ ئێمە، هەرلەم رووەوەش چەندین ساڵە لەسەریەکدی هەردوویانەی سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی یەکەم و دووەمن لەسەر ئاستی هەموو عێراق، هەربۆیە ئەو دوویانەیە رۆژی ١١/٣ بەنوێنەرایەتی هەموو عێراق لە وڵاتی لوبنان بەشداری لە خولی عەرەبیدا دەکەن. قەلەندەر نەسرەدین زیاتر لەبارەی پێشخستنی ئەو یارییە گوتی: پێویستە وەزارەتی وەرزش و لاوان هۆڵی تایبەت بەسەرجەم وەرزشییەکان بەشێوەیەکی گشتی و یاری تۆپی سەرمێز دروست بکات، چونکە ئەو کارە ئەرکی سەرشانی ئەوە، بەڵام نازانین بۆچی لەم رووەوە خەمساری دەکات. لە کۆتایشدا بەرێزیان باسی لە ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی کوردستان کرد و گوتی: ئێمە پێکهاتووین لە ئەحمەد موسا (سەرۆک) کارزان لەتیف (ج. سەرۆک) ئەکرەم عەبدولواحید (سکرتێر) زەکی موراد، ئەیاد تاهیر، قەلەندەر نەسرەدین (ئەندام)



**ئا: محەمەد کوردە– عیماد قادر**

## دوو وەرزشوان بڕوانامەی ماستەر وەردەگرن





هەفتەی رابردوو لە شاری هەولێر دوو وەرزشوان بڕوانامەی ماستەریان لە بواری وەرزشی وەرگرت، یەکەمیان قوتابی (سامی حەمید محەمەد) بوو کە یەکێکە لە یاریزانە دیارەکانی وەرزشی تێنسی سەر زەوی و لە یانەی وەرزشی قەڵا یاری دەکات و تێزی نامەکەشی بریتی بوو لە (کاریگەری بەرنامەی رێنمایی تایبەت بەهێورکردنەوەی فشاری دەرونی پەیوەست بە ئاستی رکابەری یاریزانانی گروپی پێشکەوتوان لەیاری تێنسدا).

دووەمیشیان قوتابی (ئەحمەد عەبدوڵڵا عەبدولقادر)ی ناوبژیوانی پلەیەکی کوردستان و عێراقە کە تێزی نامەکەی بەناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی تیمەکانی فێربوون لەسەر بەدەست هێنانی زانیاری لەسەر هەندێ یاساو گەشەپێکردنی متمانە بەخۆبوون و ناوبژیوانی لەتۆپی پێ).

بۆیە پیرۆزبایی گەرم لە هەردوو قوتابی وەرزشوان دەکەین و پێیان دەڵێین نەخشەش بێت لە دکتۆرا.



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٨ / ٢/١١/٠٨ / 10:24 PM




## عەمید فاروق بۆزۆ

# خولێک بۆ ناوبژیوانانی کوردستان ئەنجامدەدات

**وێنە: سەرهەنگ نەجمەدین**

چەند رۆژێک لەمەوبەر عەمید فاروق بۆزۆ سەرۆکی لیژنەی پاڵەوانییەتی یانەکانی ئاسیا بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە هەولێری پایتەخت و بۆ ماوەی (٣) رۆژ خولێکی بۆ ناوبژیوانانی تۆپی پێی کوردستان و عێراق لە هۆتێلی شیراتۆن لە شاری هەولێر بەڕێوەبرد، ئەو کەسایەتییە وەرزشییەو جیهانییە کە بەرەگەز خەڵکی وڵاتی سوریایە، بەڵام کۆمەڵێک ئەرکی وەرزشی گرنگی لە ئەستۆدایەو لە دیمانەیەکی کورتدا ئەوپەڕی خۆشحاڵی دەربڕی بەرامبەر بەو سەردانەی بۆ شاری هەولێر، چونکە خۆشی ئاماژەی بەوەکرد کە تا ئێستا کاری وانەبێژی لە (١٢٠) وڵاتی جیهانی ئەنجامداوە.

فاروق بۆزۆ لە رۆژەکانی وانە گوتنەوەکانیدا پتر جەختی لەسەر ئەوە کردوە


عەمید فاروق بۆزۆ

کە چۆن ناوبژیوانان بتوانن ئیشوکارەکانی ناوبژیوانی بەسەرکەوتوویی بەڕێوەببەن، لەوانەش یاسای ژمارە (١١) کە تایبەتە بە (ئۆف ساید) هەروەها بەشێوەیەکی چڕوپڕ باسی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کارتی زەردو سوور کرد کە چۆن ناوبژیوانان لەکاتی سزاکاندا بەکاریدەهێنن و لەڕووی یاریزانان بەرزی دەکەنەوە.

جێی ئاماژە بۆکردنیشە عەمید فاروق بۆزۆ لە ساڵی پەنجاکان یەکێک بوو لە یاریزانە دیارەکانی و لە یەکێک لە یانە پلە یەکەکانی سوریا یاری دەکرد، پاشان لە ساڵی (١٩٥٨) روویکردە کاری ناوبژیوانی تا لە ساڵی (١٩٦٩) بووە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٩) بۆ دواجار وازی لە کاری ناوبژیوانی هێنا، دواتر لە ساڵی (١٩٨٠) وەک وانەبێژ رۆڵی بەرچاوی خۆی لە جیهان دەبینێ.





أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٦٩ / ٢/١١/٠٨ / 10:24 PM



# میسی: خەون بە نازناوی جامی جیهانی دەبینم

میسی ناوێکی دیارو پرشنگدارە لە دونیای تۆپی پێ، کەم کەس هەیە بەو ناوە ئاشنا نەبێت، ئەم یاریزانە لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاری رۆساریۆی ئەرجەنتینی لە دایکبووە. شێوازی یاریکردنی زۆر لە شێوازی یاریکردنی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دیگۆ مارادۆنا دەچێت بۆیە بە جێگرەوەی ناوزەدکراوە، میسی بچووکترین یاریزانە لە مێژووی بەرشلۆنە لە تەمەنی ١٧ ساڵی گۆڵی تۆمارکردووە.

لەم ماوەیەدا لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی دا میسی تیشکی خستەسەر چەند لایەنێکی ژیانی وەرزشی خۆی لە یانەی بەرشلۆنەو هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، ئێمە بۆ خۆشەویستان و هەوادارانی ئەم یاریزانە بەشێک لەم دیمانەیە بڵاودەکەینەوە:

ئا: یاسین تەها



*** لە ئەرجەنتین خەڵکانێک هەن باس لەوە دەکەن یاریزانانی هەڵبژاردەی نیشتیمانی ئەو ئاستە لە هەڵبژاردەکانیان پێشکەش ناکەن کە لە یانەکانیان پێشکەشی دەکەن، نەک بە تەنها تۆ، بەڵکو مەبەستیان هەموو یاریزانەکانە؟**

- من رێزی بۆچوونی هەموو جیهان دەگرم، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیە لەگەڵیان هاوکۆک نیم، ناتوانیت بەراوردی یانە لەگەڵ هەڵبژاردە بکەیت، لەبەر ئەوەی یاریزانەکان لە یانەکانیان بەدرێژایی وەرز لەگەڵ یەکتر کاردەکەن، هەر هەفتەیەک یارییەک، بەڵام لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەت چەند هەفتەیەک جارێک کۆدەبیتەوە، ئەمەش وا دەکات کە لەگەڵ یاریزانەکان لێکگەیشتنمان کەمتر بێت، بەڵام من شانازی بەوە دەکەم بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم یاریبکەم، وابزانم چەند جارێکیش ئەمەم سەلماندووە، بۆ نموونە لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی پەکین ٢٠٠٨.

*** هەستت چی بوو کاتێک لە پەکین میدالیای زێرتان بەدەستهێنا؟**

- لوتکەی خۆشییە بۆ هەموو یاریزانێک کێبڕکێ لە یارییەکانی ئۆلۆمپیاد لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات، تەنها لەگەڵ جامی جیهانی بەراورد دەکرێت.

*** ئایا ئامانجی داهاتووتان بەدەستهێنانی جامی جیهانە لە باشووری ئەفریقیا؟**

- بەدەستهێنانی جامی جیهان ترۆپکی سەرکەوتنە بۆ هەر یاریزانێک، لەوە زیاتر ناتوانیت بەدەستیبێنی، بەدەستهێنانی جامی جیهان یەکێکە لە خەونەکانم، هیوادارم رۆژێک لە رۆژان ئەم







أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧٠ / ٢/١١/٠٨ / 10:24 PM







خەونم بێتەدی.

*** ئایا کامەیان هەڵدەبژێری تۆپی زێڕین یاخود نازناوی پاڵەوانێتی ئەورووپا ؟**

– من بەرشلۆنەم پێ لە میسی گرنگترە، هەموو ئەو پاڵپشتیانەم لە بەرچاوە کە لە بەرشلۆنە پێشکەشم کراوە.

*** ئایا لەگەڵ گواردیۆلا ئاسوودەیت؟**

– بەڵێ هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، ئێمە هەمووومان دڵخۆشین کە کاری لەگەڵ دەکەین.

*** ئایا زۆر قسە دەکات؟**

– بەڵێ، تەنها بەرامبەر من نا، راهێنەرێکی لە رووە، بەردەوام هانمان دەدات بۆ ئەوەی بە هەموو تواناکانمان یاری بکەین.

*** ئایا هەست بە نامۆیی ناکەیت کاتێک دەچیتە ژووری جل گۆڕین«رۆناڵدینهۆ»و«دیکۆ»و چەند یاریزانێکی تریش نابینی کە پێشتر لەگەڵت یاریان دەکرد.**

– بەردەوام بیریان دەکەم، بەڵام ئەمە بەشێکە لە یاری تۆپی پێ، پڕە لە چەندەها وێستگە، لە منداڵییەوە تاکو ئێستا زۆر لە هاوڕێکانم چوون بۆ یانەی تر، بەڵام ژیان بەردەوامە، لێرەوە دەڵێم هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

# سکرتێری یەکێتی خۆرئاوای ئاسیا سەردانی کوردستان دەکات

لە مانگی دادێ فادی زریقات سکرتێری یەکێتی خۆرئاوای ئاسیا سەردانی کوردستان و شاری هەولێر دەکات.لەم بارەیەوە مەلا عەبدولخالق مەسعود ئامانجی سەردانەکەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن خستەڕوو:سکرتێری یەکێتی خۆرئاوای ئاسیا بۆ ئەوە سەردانی کوردستان و پایتەختەکەی شاری هەولێر دەکات تاوەکو لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی وەرزشی لە کوردستان بێت و شوێنە وەرزشییەکان بەسەربکاتەوەو یاریگە وەرزشییەکان و موتێل و لە ئارامی ئاسایشی سەقامگیری کوردستان دڵنیا بێت و ئەویش بۆ ئەوەیە تاوەکو یارییە فەرمییەکانی عێراق و یانەکان کە لە کوردستان و شاری هەولێر بەڕێوە بچێت.



# یارییەکانی خولی تۆپی پێی کوردستان



لەچوارچێوەی یارییەکانی هەفتەی چوارەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان رۆژی پێنج شەممەو هەینی ئەم یارییانە هەیە.

١- پ.م سلێمانی × سەورە لە یاریگای پ.م سلێمانی
٢- سیروانی نوێ × زاخۆ لە یاریگای سیروانی نوێ
٣- هندرێن × ئالا لە یاریگای هندرێن
٤- سلێمانی × دهۆک لە یاریگای سلێمانی
٥- کەرکووک × هەولێر لە یاریگای کەرکووک
٦- سێمێڵ × بروسک لە یاریگای سێمێڵ
٧- ئارارات × پێڕس لە یاریگای ئارارات
٨- پ.م هەولێر × نەورۆز لە یاریگای پ.م هەولێر

یارییەکانی هەفتەی رابردووش بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- زاخۆ × پ.م سلێمانی (٢-١)
٢- سەورە × ئالا (٢-سفر)
٣- سیروانی نوێ × دهۆک (١-سفر)
٤- هەولێر × هندرێن (٣-٣)
٥- بروسک × سلێمانی (١-سفر)
٦- کەرکووک × پێرس (١-سفر)
٧- پ.م هەولێر × سێمێڵ (٤-٢)
٨- ئارارات × نەورۆز (٢-سفر)

**ئا:کامران خالید**



أسماء الألوان / تصميم وةرزشي / الصفحة: ٧١ / ٣/١١/٠٨ / 10:24 PM